ژماره ٨
كانونی یەكەمی ٢٠٠٧

هەدا *

# راوچی یان رۆژنامەنووس؟!



نوری بێخاڵی

"ئەخلاق و ئازادی ئەوەیە، كە ئەو شتەی حەزناكەی بەسەرتدا رووبدات، لەگەڵ خەڵكی و بەرامبەرەكانتدا مەیكە - كۆنفۆشیۆس"

١)

لە كاتێكدا لە پشتی هەر دانیشتنێكی راوچی لەناو (میل) و پشتی (دێوجامە) و نانەوەی داو و تەپكە، نیازێكی خراپ و ئامانجێكی دوور لە خزمەتكردنی مانا و بەهاكانی جوانی سروشــت و ژیاندۆســتی هەیە، بە دیوەكەی دیكەش پیشەی رۆژنامەنووسی بەرپرسیارییێتیەكی كۆمەڵایەتی و مۆرالی و پەیامێكی ژیاندۆستانەی لە ئەستۆ دایە لە بەرامبەر كۆمەڵگە و پرۆسەكانی گۆڕان و ریفۆرم و گەشەپێدان، كەچی زۆرێك لە بەناو رۆژنامەنووسانی كورد ئەوەندەی رۆڵی ئەو راوچیە دەبینن، نیو ئەوەندە رۆڵی راستەقینە و خوازراوی دونیای خۆیان و پیشەكەیان نابینن، لەبەر ئەوە ئاساییە و سەیر نییە، كە ئەم حاڵەتە لەبری رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ، لە زۆرترین حاڵەتدا راوچییێكی پارێزبەر و سیخور بەرهەم بێنێ.

(٢)

زۆربــەی ئەو كائینانەی نێــو رۆژنامەگەری كوردی، لەبەر ئەوەی كەمترین ئاگایی و هوشــیاریان بە دونیای مێژوو و فیكر نییە و ســەرەتاییترین تێگەیشــتن و ئاشــنایەتیان بە كایە مەعریفییەكان نییە، بۆیە بەردەوام چەمكەكان تێكەڵ بەیەكتری دەكەن و بە ویســتی خۆیان تەوزیفیان دەكەنەوە، ئەوان كە جیاوازی لە نێوان ئازادی باوەڕ (كە پێشــینەیەكی قــوڵی مێژوویــی و فیكری) هەیە، لەگەڵ ئازادی رۆژنامەنووســی (كە بەرهەمی دوای دۆزینەوەی پرۆســەی نووســینە) ناكەن ، ئیدی لەنێو ئەو لێڵاییەدا مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن بە هەموو شــێوەیەك بەرامبەرەكانیان بكەنە نێچیرێكی چەور، بەڵام زۆربەیان بوێری ئەوەیان نییە بۆ رۆژێك خۆیان ببەنە شــوێنی ئەو بەرامبەرەی چاوی ســێرەی خۆیانی لێ ناپارێزن.

(٣)

جۆن میریل دەڵێ "رۆژنامەنووس ئەو كاتانە دەتوانێ ئازادانە بنوسێ و رەفتار بكا و هەڵوێستی دروست وەربگرێ، كە راستگۆ و بەرپرسانە پیشەكەی خۆی جێبەجێ بكات"، ئەگەر بە پێوانەی ئەو قسەیەی میریل بێت، ئەوا رۆژنامەنووسی كورد لەم لایەنەوە گرفتگەل و بۆشــایی و خەوشــی زۆری لە ســەرجەمی بوارەكانی مێژوو و فیكر و مەعریفە و زمانی دەربڕین و ئاگایی یاسایی و كایە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی دیكەدا هەیە.. سەیركەن ئەوانێك كە زۆرینەیان باكگراوندی رۆشنبیریان هەر هێندەی فێرخوازێكی خولی نەهێشتنی نەخوێندەوارییە و ئەلفوبێیەكیان لەسەر میساقی رۆژنامەنووسی دونیای پێشكەوتوو نەخوێندۆتەوە و لە هەڵدانەوەی دۆسێیەكی دادگادا (كوشتن) و (كەتن) و ریزبەندەكانی دامەزراوەی دادوەری لەیەكتر جیا ناكەنەوە، كەچی لەناو خەڵكی سادە و شەقامدا خۆیان پێ سوپەرمانە!!

(٤)

لەم گۆشەنیگایە و ئەگەر بە پێوانەی ئێستای بەهاو پرەنسیپە مۆدێرنەكانی رۆژنامەنووسی و سیستەمی دیموكراسی دونیا، واقیعی ئەمرۆی رۆژنامەگەری كوردی بە گشــتی و لە نێویشــیدا رۆژنامەنووســانی كورد هەڵبســەنگێنین، ئەوا دەگەینــە ئــەو ئاكامەی، هێشــتا لەو بــوارەدا ئێمە لە دواوەیــن، بەرای من ئەمەش پێشــوەختە پەیوەســتە بە خودی كاراكتەرەكە خۆی و ئاستی هوشیاری و رادەی ئاگایی ئەو بە چییەتی پیشەكە، وەكو تریش ئەو گەرەلاوژەیەی سەندیكا لە تەجنیدكردنی ئینشانووســەكان بەرهەمی هێنا، بەو پێیەی ئەوەندەی لە كوردســتان بەناو رۆژنامەنووس هەیە، بە چارەگی چارەگی ئەوە و دەگمەن نەبێت، بڵاوكراوەیەكی شایانی باسمان نییە، دوای ئەوانە فاكتەر و زەمینە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان دێنە ناو هاوكێشەكە.

(٥)

بەردەوام یەكێ لە گرفتەكانی رۆژنامەنووسی، رادەی راستگۆیی و گەیاندنی دروستی داتا و زانیارییەكانە، كە دونیای راگەیاندنی كوردی هێشــتا لەو بوارەدا جێی متمانەی تەواو نییە، لەبەر ئەوەی بەبەڵگە ئەوە دەبینین، كە لە گەیاندنی راســتی و زانیارییەكان كورتی دێنن، كە رەنگە هۆكاری ئەو كورتی هێنانە ئەوە بێت، ئەو كائینانە حەقیقەتەكان تەنها لە چاوی خۆیاندا دەبینن، لە كاتێكدا وەك یەكێ لە بیرمەندەكان دەڵێ "حەقیقەت هیچ بەهایەكی ماددی و ئاكاری نییە، ئەگەر لە زەمینەی واقیعدا بەرجەستە نەبێ و تەرجەمە نەبێتەوە".

دواجار دەڵێن لە وەڵامی پرســیارێكدا كە "ئەگەر هاتە ســەر حوكم یەكەم شت چییە ئەنجامی دەدات؟"، كۆنفۆشیۆس دەڵێ "بە دڵنیاییەوە زمانم راســت دەكەمەوە". لەو نێوەدا ئەگەر تەنها بواری زمانی نووســین و ریتمی گوزارشــتەكانی زۆرێك لە رۆژنامەنووس و نێوەندەكانی راگەیاندنی كوردی وەربگرین و بە دیقەتەوە سەرنجیان بدەین ، ئەو راستییەمان بۆ زەلاڵ دەبێ، كە بەداخەوە بەقەد قەبارەی ئەو گەندەڵی و بێدادی و نایەكسانییەی دەسەڵاتی كوردی بەرهەمی هێناوە، زمانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی كوردیش پڕیەتی لە ناوزڕاندن و سوكایەتیكردن بە بەرامبەر.